# وەرن با هۆڵەندا بکەینە دۆزەخ

# وەرن با شۆڕشێ لە هۆڵەندا هەلکەین

## بانگەوازێک بۆ هەموو ڕێکخراوە کوردی و عیراقیەکان ، کولتووری و کۆمەڵایەتی، و نووسینگەکانی حیزبە کوردی و عیراقیەکان ، هەروەها لێپرسراو لە کاروباری سەفارەتی عیراقی لە هۆڵەندا

ڤینۆس فایەق لە هۆڵەنداوە

جارێکی تر گڕ دەدەنەوە بەر برینەکانم ، و بە جارێ پێنج هەزار گۆڕم هەڵدەدەنەوە ، جارێکی تر لە دەنگی (عومەی خاوەر) وەخەبەر دێم لە ئازاردا هاوار دەکات ، لە دەنگی مندالأنی هەڵەبجە وەخەبەر دێم وەختێ ئەسووتێن ، جارێکی تر وەخەبەر دێم و عارەق لە نێو چەوانم دەرژێ وەختێ تەقڵ بەتەقەڵێ کفنەکانی پیاوانی هەڵەبجە ئەکەنەوە و کفنێکی تریان دەکەنەوە بەبەرا ، جارێکی تر بەدەم خەوەوە ئەڕۆم بەرەو ئەو شوێنەی ژنانی هەڵەبجەی بە دەست و پەنجەی خەناوی و ە گوارەکانی گوێیانەوە لێی نووستوون..

جیهان لەوە زیاتر چی دەوێت ؟ هەتاکەی بەدوای وەرەقە و دۆکومێنتەکاندا رادەکەین و لە گەنجینەکاندا کەلەکەیان دەکەین ، لە کاتێکدا سەددامی بۆگەن کردوو لە شوێنی حەوانەوەی ئەمەریکیەکان دانیشتووە و دوکتۆرە ئەمەریکی و ئەورووپیەکان بەسەرە دەچن بۆ چارەسەر کردنی لە نەخۆشیەکانی ؟ ، هەتاکەی تەنها وشە و وەرەقە و وێنە دادگایی بکەین ، ئەو وشە و وەرەقە و وێنانەی باس لە کارەساتی هەڵەبجە دەکەن ، و دیکتاتۆری سەردەم سەددامی خوێنرێژیش دانیشتووە و دەخوات و دەخواتەوەو ودەنوێت و دەستی رێژیشی لێدەنرێت لەلایەن ئەمەریکیەکانەوە ، و یاسای نێونەتەوەییش دەلێت با وەک ئەسیری جەنگ مامەڵە بکرێت ؟؟

جیهان لەوە زیاتر چیدەوێت ، ئەوەتا نابراو (فرانس فان ئانرات)ی هۆڵەندی کە تەمەنی 62 ساڵە و لە کاتێکدا لەهەولێ ئەوەدا بووە هۆڵەندا بەجێ بهێڵێت لەلایەن حکومەتی هۆڵەندیەوە دەستگیر دەکرێت (بەڵام مەخابن دوای ئەوەی دەیان هەزار رۆح بوونە قوربانی هاریکاریکردنی لەگەڵ سەدامدا) ، ئەو بازرگانە شەیتانیەی بازرگانی کردووە بە مادەخامەکانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەچنە دروستکردنی چەکی کیمیاییەوە ، ئەوەتا شایەتێکی تری تاوانەکانی سەددام حوسێن ، نا ، تاوانبارێکی تر لە تاوانبارەکانی جەنگ ، کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستی هەبووە لە کوشتن و لەناوبردنی دەیان هەزار کورددا ، لە هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان کە لە ساڵەکانی 1984 بۆ 1988 لە کاتی شەڕێ عیراق لەگەڵ ئێراندا ، رژێمی سەددام بە بۆمبی کیمیاوی لەناوی بردوون ..

نازانم و تێناگەم ڕێکخراوە کوردی و تەنانەت عیراقیەکانیش کە لە هۆڵەندا کار دەکەن ئیشیان چیە ، ئەو ڕێکخراوە حیزبی و کولتوری و کۆمەڵایەتانە ، بۆچی ئیستا یەکناگرن و بەیەک دەنگ نایەنە زمان و هەڵوێست وەرناگرن؟ و بۆنمونە ریپێوانێک ریکبخەن بۆ بەردەم وەزارەتی ناوخۆی هۆڵەندی و دادگای دادی نێو نەتەوەیی و هەموو بەیەک دەنگ هاوار بکەن و داوای هەرچی زووتر دادگایی کردنی سەدام و دەست و پێوەنەکەی بکەن ، داوای ئەوە بکەن خۆیان چاویان بەو تاوانبارە هۆڵەندیە بکەوێت و بیخەنە بەر پرسیارە و لێکۆڵینەوە .

ئەمە بانگەوازێکە بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە کوردی و عیراقیانە ، بە کولتووری و کۆمەڵایەتی و حیزبیەکانیانەوە ، هەر ئەمرۆ هەڵوێستێک وەرگرن ، ئەو کانسە بقۆزنەوە و ببێتە بۆنەیەکی جیدی بۆ سووربوون لەسەر دادگایی کردنی سەددام و دەست و پێوەندەکەی پێش هەڵبژاردنەکانی عیراق..